# گوتاری پیاوانی ئایینی تێکەڵەیەك لەجەهل و تەشهیر و تەکفیر

♦ سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

بەشی حەوتەم

لەم بەشەدا کە درێژەی بەشی ڕابردو (کەسێتیە ئیسلامیەکان) ـە، کۆمەڵێك کاروکردەوە دەخەینەوە یاد، وەکو کۆمەڵێك ڕوداوی مێژویی، کە کۆمەڵێك لەکەسێتیە ئیسلامیە پیرۆز وبنەڕەتیەکان، وەکو کۆمەڵێك کەسێتی وکاراکتەری مێژویی، ئەنجامیان داون.
ئێمە دەزانین کە ئەوەی بەتەواوی ونە لەخوێندنی ئایینی وتوێژینەوەی ئایینیی تەقلیدیدا، ماددەی (مێژو) ە (بڕوانە کە لەهیچ خوێندنگەیەکی ئایینیی تەقلیدیدا لەلای سونیەکان ولای شیعەیش وانەی مێژو بونی نیە، ڕەنگە بتوانم بڵێم مێژوی ژیانی پێغەمبەریش هەر بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت، چونکە ئەو باوەڕەی دەربارەی ئەو کەسێتیە چەسپیوە کارێکی کردوە کە پێویستیان بەتاووتوێی ئەو ژیانامەیە نەبێت، بۆیە زانیاریی موسوڵمانی ئێستە لەو بارەیەوە زۆر جار لەچیرۆك وسیناریۆی فیلمی (الرسالة) تێپەڕ ناکات!!)، ئەمەش لەبەر دو هۆکار: یەکەمیان: ئەوەیە مێژو لەخۆیدا بەدواداچون و وردەکاری وبەراوردێکی زۆری دەوێت، بیروباوەڕی ئایینییش جۆرێکە لەتەممەڵی وخۆحەساندنەوە ولەگەڵ ئەو وردەکاری وپێداچونەوە وموغامەرە مەعریفیەدا ناگونجێت، بۆیە موسوڵمان هەر بەسروشت حەزی لەمێژو نیە، ئەگەر شتێکیشیان لەمێژو بۆ باس بکەیت کە بەدڵیان نەبێت دەڵێن "کەس نازانێت مێژوی ڕاست کامەیە" وەدەڵێن "مێژو پشتی پێ نابەسرێت"! (لەکاتێکدا موسوڵمان خۆیشی هەر لەمێژودا دەژی، بەڵام مێژویەکی ڕابردوی دور وتەمومژاوی وتێکەڵ بەئەفسانە وکەلەپوری میللی!). هۆکاری دوەمیش ئەوەیە: هۆشیاریی مێژویی لەخۆیدا هۆشیارییەکی واقیعیە کە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئایینیدا هەماهەنگیی تەواوی نیە وپێکەوە هەڵ ناکەن، بۆیە مرۆڤی باوەڕدار بەسروشتی خۆی مێژو پەراوێز دەخات و ونی دەکات وهۆشیاریی مێژویی کوێر دەکاتەوە، چونکە هەست دەکات نامۆیە بەجیهانە فیکریە تەسك ویەکڕەنگەکەی خۆی.
ئێمە لێرەدا کۆمەڵێك ڕوداوی مێژویی ـ بەپێی سەرچاوە ئیسلامیەکان ـ دەخەینەوە یاد، کە کێشەی گەورە بۆ بیری ئایینی دروست دەکەن و، ئەو بیرە ئایینیە لەڕۆژگاری ئێستەدا بەهەمو شێوەیەك کاری کردوە لەسەر کوێرکردنەوەی دەنگوباسەکانیان وشاردنەوەیان لەجەماوەری ئایینداری.. بۆیە نابینیت لەوتار ونوسینە ئایینیەکانی ئێستەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت. ئەو کاتە مەلاکانی (یەکێتیی زانایان) یش حاڵی دەبن کە ئەوانیش بەشێکن لەو جەماوەرە ئاییندارەی کە دەنگوباسی ئەو ڕوداو وکاروکردەوانەی لێ شاردراوەتەوە، جگەلەوەش وەڵامی هەندێکی تر لەقسەوقسەڵۆك وبڕوبیانوە لاوازەکانیان وەردەگرنەوە!

**پێغەمبەر**

باسی ئەم چەند لایەنەی کارەکانی پێغەمبەر دەکەین:

یەکەم. قەتڵوعامی بەنو قورەیزە:
پێشتر (لە نوسینی پێشودا) ئەوەمان باس کرد کە بڕیاری (قەتڵوعامی پیاوەکان وفرۆشتنی ژنومنداڵەکان) سەبارەت بەبەنو قورەیزە، بڕیاری دەمسپیی خێڵی ئەوس (سەعدی کوڕی موعاذ) بو، چونکە پێشتر (پێش ئیسلام) هاوپەیمانی بەنو قورەیزە بو، بۆیە ئەوان متمانەیان بەقسەکەی کرد کە ئاماژەی پێ دان خۆیان بدەن بەدەستەوە، بۆیە کرا بەسەرپشك وبڕیاردەر سەبارەت بەچارەنوسی بەنو قورەیزە.. بەڵام بۆ ئینساف دەبێت باسی ئەوەش بکەین، کە (سەعد) ی ناوبراو لەژێر پەستانی بارودۆخێکی جەستەیی ودەرونیی تایبەتیدا ئەو بڕیارەی دا، کە لەهەندێك ڕوبەڕوبونەوەدا لەکاتی ئابڵوقەدانەکەی جەنگی (خەندەق) دا سەعد بریندار بو، کە دوای ڕۆژێك بەهۆی برینەکەیەوە مرد. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو بڕیارەی سەعد بڕیاری بارودۆخێکی جەستەیی ودەرونیی سەخت بوە (ئەگەرنا پیاوانی تری ئەوس زۆر تکایان لەپێغەمبەر ولە سەعد کرد بۆ بەخشینیان، کە بێ هودە بو)، بەڵام لێپرسراوێتیی قەتڵوعام وبەکۆیلەکردنەکە دەکەوێتەوە ئەستۆی پێغەمبەر، کە هەرچەند سەعد ئەو بڕیارەی دابو بەڵام دەبوایە پێغەمبەری (رحمة للعالمين) ئەو بڕیارەی پەسەند نەکردایە وئاوا بەخوێنساردیەوە شاهیدی قەتڵوعامی بەنو قورەیزە نەبوایە ( بەڵام گێڕانەوەکان دەڵێن: کاتێك سەعد ئەو بڕیارەی دا، پێغەمبەر وتی: ئەو بڕیارەت دا کە خوای گەورە لەسەروی حەوت ئاسمانەوە داوێتی! (لقد حكمتَ بحكم الله عزّ وجلّ من فوق سبعة أرْقِعة) الواقدي، المغازي، ج. ۱، ص ۵۱۲. ابن سعد، الطبقات. ج. ۲، ص. ۷۵. بەم شێوەیە بڕیاری سەعد دەبێتە بڕیاری خوا!). چۆن دەبێت سەرکردەی سیاسی بڕیاری قەتڵوعامکردنێك کە لە (سەرباز) ێکەوە دەرچوە پەسەند بکات؟! بەڵام موحەممەدی مەککەیی چ باکیەتی خەڵکی مەدینە بڕیاری قەتڵوعامی یەکتر بدەن، ئەو بۆ خۆی کاتێك شارەکەی خۆی (مەککە) ی گرتەوە ـ جگە لەچەند کەسێکی دیاریکراو ـ لێخۆشبونی گشتیی بۆ هەموان دەرکرد وڕێزی تایبەتییشی بۆ (ئەبو سوفیان) ی گەورە سەرمایەداری شارەکە دانا!
لێرەدا لەپەراوێزی باسی قەتڵوعامی بەنو قورەیزەدا چەند دیمەنێکی ئەو قەتڵوعامە یاد دەخەینەوە:
۱. چۆن باڵغ ونابالغی بەنو قورەیزە جیا کراونەتەوە؟ گێڕانەوە ئیسلامیەکان دەڵێن: تەماشای بەری مێردمنداڵەکان دەکرا، ئەوەی توکی کردبێت کوشتویانە، ئەوەی نەیکردبێت کردویانە بەکۆیلە وفرۆشتویانە (فمن أنبت الشعر قتل، ومن لم ينبت لم يقتل). ئەم دەنگوباسە ( عەتیەی قورەیزەیی) (عطية القرظي) کە یەکێك بوە لەو مێردمنداڵانە دەیگێڕێتەوە ودەڵێت ئەو لەوانە بوە کە لەو کاتەدا توکیان نەکردوە ونەکوژراون بەڵکو کراون بەکۆیلە (فكشفوا عانتي، فوجدوها لم ينبت، فجعلوني في السبي)، لەشێوەیەکی تری گێڕانەوەکەدا، عەتیە دەڵێت: گومانیان لەمن هەبو منداڵم یان باڵغم وتوانای جەنگانم هەیە، ئیتر پێغەمبەر وتی: (تەماشا کەن، ئەوەی توکی ڕوابو بیکوژن، ئەگەرنا مەیکوژن)! (فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: انظروا فإن كان أنبت الشعر فاقتلوه وإلا فلا تقتلوه) (ئیبن حیببان ٤٧٨١ وحاکیم ۸۱۷۲ و۸۱۷۳ وتیرمیذی ۱۵۸٤ وئەبو داوود ٤٤۰٦ ونەسائی ۵٦۲۲ و۵٦۲۳ و۸٦۲۰ و۸٦۲۱ وئیبن ماجە ۲۵٤۱ وئەحمەد ۱۸۷۷٦ و۱۹٤۲۱ وبەیهەقی ۱۱۰۹۷ ـ ۱۱۱۰۱ وداریمی ۲٤٦٤ وعەبدولڕەززاق ۱۸۷٤۲ وئەبو عوانە ۵۲۱۰ ـ ۵۲۱۵ وهەندێکی تر. تیرمیذی دەڵێت: حەدیسێکی حەسەنی صەحیحە. بەگشتی حەدیسەکە بەصەحیح دادەنرێت. حوسەین سەلیم ئەسەد لەسەر گێڕانەوەکەی داریمی دەڵێت: بەپێی مەرجی بوخاری صەحیحە. شێخ شوعەیبی ئەرنائوت لەسەر گێڕانەوەکەی ئیبن حیببان دەڵێت: بەپێی مەرجی هەردو بوخاری وموسلیم صەحیحە. شێخ ئەلبانی لەسەر گێڕانەوەکەی تیرمیذی وئەوەی ئەبو داوود وئەوەی ئیبن ماجە دەڵێت: صەحیحە).
۲. دیمەنی تەماشاکردنی قەتڵوعامەکە لەلایەن پێغەمبەرەوە: سەرچاوە ئیسلامیەکان دەڵێن: عەلی وزوبەیر (ی کوڕی عەووام) (دوان لەو دە کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە!) خەریکی مل پەڕاندنیان بون وپێغەمبەریش دانیشتوە (خۆی وهاوڕێکانی) تەماشای کوشتنی یەکەیەکەیانی کردوە! بڕوانە: الواقدي، *المغازي*. ج. ۱، ص. ۵۱٤، ابن سعد، *الطبقات*. ج. ۲، ص. ۷۵.
۳. چۆن ژنەکانیان تکایان کردوە بۆ بەخشینی پیاوەکانیان: کاتێك ژنەکانی بەنو قورەیزە برانە ماڵی ئوسامە وماڵی ڕەملە، تکایان کرد و وتیان: "بەشکو موحەممەد پیاوەکانمان ببەخشێت یان فیدیە وپارەیان لێ وەربگرێت". کاتێك کە ڕۆژ بووەوە وزانییان پیاوەکانیان هەمویان کوژراون هاواریان کرد ویەخەیان دادڕی وپرچیان بڵاو کردەوە وبە مەدینەدا بڵاو بونەوە وخۆیان دەکوتا. بڕوانە: الواقدي، *المغازي*. ج. ۱، ص. ۵۱۸.
٤. چۆن گۆڕە بەکۆمەڵیان بۆ سازکراوە: دوای ئەوەی کەلوپەل وئاژەڵ وسامانەکانیان کۆکرانەوە وڕێك خران، پێغەمبەر چو بۆ بازاڕ وفەرمانی دا بەصەحابیەکان خەندەك هەڵ بکەنن، ئیتر لەبازاڕی مەدینەدا خەندەکێکی درێژ هەڵ کەنرا، ئینجا پێغەمبەر خۆی وصەحابیە پایەدارەکانی دانیشتن وبانگی کرد پیاوەکانی بەنو قورەیزە بهێنن، ئیتر یەکەیەکە دەهێنران ولە ملیان دەدرا ودەخرانە خەندەکەکەوە. بڕوانە: الواقدي، *المغازي*. ج. ۱، ص. ۵۱٤. ابن سعد، *الطبقات*. ج. ۲، ص. ۷۵. ابن هشام، *السيرة النبوية*. ج. ۲، ص ص. ٤۰، ٤۱.
دیارە گۆڕە بەکۆمەڵ لەمێژوی عەرەبدا کۆنە ودیاردەیەکی تازە نیە وداهێنانی بەعسیش نیە.
۵. فرۆشتنی ژنومنداڵەکانیان: سەرچاوە ئیسلامیەکان دەڵێن: کاتێك ژنومنداڵ ودەسکەوتەکان کۆکرانەوە، پێغەمبەر فەرمانی دا: ئەوەی کەلوپەل بو فرۆشرا بەوانەی دەیانویست، ژنومنداڵە بەکۆیلەکراوەکانیش فرۆشران بەوانەی دەیانویستن! (وبيعَ السَّبيُ فيمن يريد) دارخورماکانیش دابەش کران. بڕوانە: الواقدي، *المغازي*. ج. ۱، ص. ۵۲۲. هەروەها بڕوانە: ابن سعد، *الطبقات*. ج. ۲، ص. ۷۵. بەم شێوەیە ژنومنداڵەکان لەمەزادێکی ئاشکرادا فرۆشراون! ئیتر بیری لێ بکەرەوە خێزانێك چیی لێ بەسەر هاتوە: بابە وکاکە ملیان پەڕێنراوە وهەر لەناوەڕاستی شاردا خراونەتە ژێر گڵەوە، دایە بوەتە کۆیلە/ ژنی کەسێك، کچەکەیان بوەتە کەنیزی کەسێکی تر، کوڕە بچوکەکەیان بوەتە کۆیلەی سەرمایەدارێکی تر.. ماڵ وباخ وسامانەکەیان دابەش کراوە بەسەر ئەو کەس وخێڵانەدا کە لەئابڵوقەدانەکەدا عەزێتیان کێشاوە بەوەی چاوەڕوانی تەسلیمبونیان بون!! بەم شێوەیە کە ـ کورد وتەنی ـ هەر بەدەم خۆشە وقەڵەمیش شەرمەزارە.
٦. هەڵبژاردنی ڕەیحانە: لەنێو ژنە بەکۆیلەکراوەکانی بەنو قورەیزەدا، پێغەمبەر (ڕەیحانە) ی بۆ خۆی جیا کردەوە. ڕەیحانە، کە خۆی لەجولەکەی بەنو نەزیر بو وشوی بەکەسێك کردبو لەبەنو قورەیزە، تا مردنیشی هەر بەکۆیلەیی ژنی پێغەمبەر بو. لەسەرەتادا ئامادە نەبو ببێتە موسوڵمان، بۆیە پێغەمبەریش نەچوە لای وسەرجێیی نەکرد، ئینجا کەسێك (ئیبن سەعیە) ی نارد بۆ ئەوەی ڕەیحانە بهێنێتە سەر بڕوای موسوڵمانبون، هەتا ڕەیحانە موسوڵمان بو! تا هەر لەژیانی پێغەمبەردا مرد! بڕوانە: الواقدي، *المغازي*. ج. ۱، ص. ۵۱۹.

دوەم. جەنگەکانی:
جەنگەکانی پێغەمبەر دژی مەککەییەکان وخێڵەکانی تر لەجەوهەردا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هەڵمەتی تاڵانکاری وچەپاوخۆریی نێوان خێڵە عەرەبیەکان نەبو. ئەو جەنگانەی پێغەمبەر بەهەوڵی تاڵانکردنی کاروانە بازرگانیەکانی مەککەییەکان دەستیان پێ کرد وبە دەرکردن وقەتڵوعام وتاڵانکردنی خێڵە جولەکەکان بەهێز بون وبە هەوڵی ملکەچ کردنی خێڵەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی پەرەیان سەند. بۆیە زاراوەی ئیسلامی بۆ خەبات وجەنگ وروبەڕوبونەوە بریتیە لە (غەزو) (بە کوردی: غەزا) کە واتاکەی هەمان هێرش وتاڵانکردن وبەکۆیلەکردنی خێڵەکانی عەرەبی پێش ئیسلامە!
یەکەم غەزوەیەکی پێغەمبەر ناسراوە بەغەزوەی ئەبوا ء(غزوة الأبواء) (۲ ك.) کە مەبەستی ڕێگرتن بوە لەکاروانێکی بازرگانیی قورەیش کە لەوێوە تێدەپەڕی. دوای ئەوەش غەزوەی (بواط) (۲ ك.) کە ئەمیش هەر بۆ ڕێگەگرتن بو لەکاروانێکی بازرگانیی مەککەییەکان. بەدوای ئەمانەدا (کورزی کوڕی جابیری فەهری) یش لەمەککەییەکان، وەکو وەڵامدانەوەیەك، هەڵمەتێکی کردە سەر لەوەڕگاکانی مەدینە وهەندێك مەڕومالاتی تاڵان کرد، کە پێغەمبەریش لەگەڵ (۷۰) کەسدا چون بۆ ڕوبەڕوبونەوەی، کە بەیەك نەگەیشتن، وئەمەش پێی دەوترێت غەزوەی (سفوان) یان غەزوەی بەدری یەکەم. دواتر غەزوەی (ذو العشيرة) (۲ ك.) کە بەسوپایەکی (۱۵۰-۲۰۰) کەسیەوە دەرچو بۆ ڕێگەگرتن لەکاروانێکی بازرگانیی مەککە کە دەچو بۆ شام، بەڵام کاروانەکە چەند ڕۆژێك پێشتر دەرچوبو وهیچیان دەست نەکەوت. ئینجا پێغەمبەر لەمانگی (ڕەجەب) ی هەمان ساڵی (۲ ك.) دا ئەو پۆل (سرية) یەی نارد کە ناسراوە بە (سرية نخلة)، کە کۆمەڵێکی نارد بۆ ڕێگەگرتن لەقافڵەیەکی مەککەیی، کە لەئەنجامدا کەسێکیان کوشت ویەکێکی تریان دیل کرد وکاروانەکەیان هێنایەوە بۆ مەدینە، ئەمەش واتە لەمانگێکی قەدەغەکراودا شەڕیان کرد، کە ئەمە ئیحراجیی زۆری بۆ پێغەمبەر دروست کرد (بەڵام دواتر قورئان پاساوی بۆ ئەو شەڕە هێنایەوە و وتی: شەڕ لەمانگی قەدەغەکراودا کارێکی نارەوایە بەڵام لەوە نارەواتر ئەو بێباوەڕی وڕێگرتنەی ئەوانە لەمزگەوتی حەرام ودەرکردنی خەڵکەکەیەتی..) (البقرة: ۲۱۷). ئینجا ئیتر قورئان دەستی کرد بەفەتوادان بۆ کوشتار وکوشتنی مەککەییەکان وئایەتەکانی کوشتار بەدوای یەکدا هاتن. ئینجا کاتێك ئەو کاروانە بازرگانیەی کە پێشتر بەرەو شام چوبو گەڕایەوە، ئیتر پێغەمبەر بۆ خۆی بەسوپایەکی (۳۰۰) کەسی وزیاترەوە چو بۆ ڕێگرتن لەو کاروانە بازرگانیە گەورەیە، بەڵام ئەبو سوفیان بەوەی زانی وکاروانەکەی لەمەترسی دور خستەوە وناردی بۆ مەککە بۆ ناردنی هێز، کە لەکۆتاییدا غەزوەی (بەدر) ی گەورەی لێ پەیدا بو. ئیتر مەککەییەکان وخێڵەکانی تر هەستیان کرد کە مەترسیەکی گەورە لەسەر گیان وماڵوسامانیان دروست بوە، بۆیە ئەوانیش چەند هەڵمەتێکیان ڕێکخست بۆ ڕوبەڕوبونەوەی موسوڵمانەکان، لەوانە غەزوەی (بەنو سولەیم) و (سەویق) و (ذو ئەمر) ودواتریش جەنگی (ئوحود). ئینجا پێغەمبەر دەستی کرد بەئابڵوقەدان ودەرکردن وتاڵانکردنی خێڵە جولەکەکان، هەر ساڵی (۲ ك.) جولەکەی (بەنو قەینوقاع) ی دەرکرد ودەستی گرت بەسەر کەلوپەل وماڵوسامانەکانیاندا، پێغەمبەر خۆی بەهیوابو خۆیشیان قەتڵوعام بکات وژنومنداڵیان بکات بەکۆیلە، بەڵام بەتکای زۆری (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول) ڕێگەی دان دەرچن وبچن بۆ شام. لەساڵی (۳ ك.) دا پێغەمبەر هەڵمەتێکی تری بەسەرۆکایەتیی (زەیدی کوڕی حاریثە) نارد بۆ ڕێگرتن لەکاروانێکی بازرگانیی مەککەییەکان، کە ئەم جارە کاروانەکەیان بەتەواوی گرت ودەستیان گرت بەسەر ئەو کەلوپەل وزیوەدا کە کاروانەکە هەڵی گرتبو کە بە (سەد هەزار) خەمڵێنراوە. ئیتر مەککەییەکان جەنگی (ئوحود) یان ڕێکخست بۆ تۆڵەکردنەوە لەموسوڵمانەکان، کە غەزوەی (حمراء الأسد) یشی ڕاستەوخۆ بەدوادا هات. ئیتر گەلێك لەخێڵەکان کەوتنە خۆ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی موسوڵمانەکان وچەند غەزوەیەك ڕویاندا کە بەجەنگی (ئەحزاب) یاخود (خەندەق) گەیشتنە ترۆپك. لەدوای جەنگی ئوحودیش، پێغەمبەر گوشاری لەجولەکەی (بەنو نەضیر) یش نا بۆ دەرکردنیان، تا لەکۆتاییدا خۆیان بەدەستەوە دا وچون بۆ (خەیبەر) وهەندێکیشان بۆ شام، ئیتر هەمو ماڵوسامان وچەك وچۆڵ وزەوی وزارەکانیان بۆ پێغەمبەر خۆی بو وهیچی دابەش نەکرد، بەڵام بەشی چەند کەسێکی دا. ئینجا هەندێك غەزوەی تری ڕێك خست بۆ چاوترسێنکردنی خێڵە دەشتیەکەیان. دوای ئەوانە جەنگی (ئەحزاب) ڕوی دا، کە خێڵەکان ویستیان کۆتاییەك بۆ مەترسیی موسوڵمانەکان دابنێن، بەڵام موسوڵمانەکان بەهەڵکەندنی خەندەکێك بەدەوری شاری مەدینەدا شارەکەیان پاراست. دوای (ئەحزاب) یش پێغەمبەر ئابڵوقەی جولەکەی (بەنو قورەیزە) ی دا وقەتڵوعامی کردن بەو شێوەیەی ڕونمان کردەوە. دوای ئەمەش پێغەمبەر هەندێك هێرش وهەڵمەتی تری ڕێکخست بۆ چاوترسێنکردنی خێڵە دەشتەکیەکان وئەو هەڵمەتانەش گەلێك جار دەسکەوتیان دەبو. تا ساڵی (٤ ك.) یان (۵ ك.) غەزوەی (بەنو موصطەلیق) یاخود (مورەیسیع) یش ڕوی دا، دوای ئەوەی کە پێغەمبەر هەواڵی زانی کە سەرۆکی (بەنو موصطەلیق) نیازی شەڕی هەیە، لەکۆتاییشدا خێڵەکە شکان وپێغەمبەر ژن ومنداڵ و وشتر ومەڕێکی زۆری بەدەسکەوت برد، کە لەمانە لەکۆتاییدا (جوەیریە) بو بەنسیبی پێغەمبەر خۆی: پارەی ئازادبونی لەمارەیی بۆ دا ولەخۆیی مارە کرد. پاش ئەمەش چەند هەڵمەت وپۆلێکی تری نارد، لەوانە: پۆل (سرية) ی (ئەبو بەکر) یان (زەیدی کوڕی حاریثە) بۆسەر هۆزێکی (فەزارە) (٦ ك.)، گوایە ویستویانە پێغەمبەر غافڵکوژ بکەن، ئیتر کۆمەڵێکیان کوژران وئەوانی تریش دیل کران، ژنێکی پایەداریشیان بەناوی (ئوم قیرفە) بەشێوەیەکی ترسناك کوژرا، وەکو پێشتریش باسمان کرد ودواتریش بۆی دەگەڕێینەوە. ئینجا پێغەمبەر غەزوەی (خەیبەر) ی ڕێك خست (۷ ك.)، کە دوای حودەیبیە وتەمێکردنی بەرەبابێکی خێڵی (فەزارە) خۆی ئامادە کرد بۆ گرتنی خەیبەر کە تاڵانی ودەسکەوتێکی زۆری لێ چاوەڕوان دەکرا، ئیتر ئابڵوقەی قەڵاکانی خەیبەری دا، ئەوانیش خۆیان قایم کرد وهەندێك بەرگرییشیان کرد، تا قەڵاکانیان هەمویان گیران، لەکۆتاییشدا ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی دەربچن لەخەیبەر وماڵوسامان وزەوی وزارەکانیان بەجێ بهێڵن بۆ پێغەمبەر. دواتر لەسەر ئەوەش ڕێك کەوتن کە لەوڵات دەرنەچن وبمێننەوە وخەریکی بەرهەمهێنانی زەوی وزار وباخەکان بن بەبەربەنیوەیی. بەڵام دو کوڕی (ئەبولحوقەیق) لەجولەکەکەی خەیبەر گەنجینەیەکی پارەیان شاردەوە وبەدەستیانەوە نەدا، ئیتر دوای ئاشکرابونی ئەوە پێغەمبەر فەرمانی دا ئەو دو کەسەیان کوشت، جگەلەمەش (صەفییە) ی لەجولەکەی خەیبەر بۆ خۆی هەڵ بژارد کە تازە بوك بو ومێردەکەی یەکێك بو لەو دو کەسەی کوژران! ئیتر دەسکەوتی خەیبەر ئەوەندە زۆر بو کە (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) وتویەتی: (تێر نەبوین هەتا خەیبەرمان فەتح کرد) (بوخاری).. لەو کۆمەڵگایەشدا هەمیشە ڕێگای سەربەرزانەی پەیداکردنی ڕۆزی هەر داگیرکاری وتاڵانکردن بوە. ئینجا دواتر جولەکەی (فەدەك) یش خۆیان بەدەستەوە دا وڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی بمێننەوە بەبەربەنیوەیی لەگەڵ پێغەمبەر ئەو زەویە بەرهەم بهێنن، ئیتر فەدەك بەتەنها بۆ پێغەمبەر خۆی بو! واتە دابەشی نەکرد. ئینجا هێرش برایە سەر جولەکەی (وادی القرى) ودوای ڕوبەڕوبونەوەیەکی زۆر وکوژرانی زۆریان وناچار خۆیان بەدەستەوە دا، ئەمەش دەسکەوتێکی باشی هەبو کە دابەشی کرد، بەڵام زەوی وباخە خورماکانی دایەوە بەخۆیان بەبەربەنیوەیی. دوای ئەوانە پێغەمبەر هەندێك هێرشی چاوترسێنی وتەمێکردنی کردە سەر خێڵە دەشتیەکان، وەکو غەزوەی ( ذات الرقاع) وهەندێك پۆل (سرية) ی تر کە نێردران بۆ گەلێك مەبەستی وەکو چاوترسێنکردن وتۆڵەکردنەوە وتاڵانکردن ورووبەڕوبونەوەی هەندێك هێرش، کە هەندێکیان تەنها هەڵمەتی داگیرکاری وتاڵانکردن بون ودەسکەوتیشیان هەبوە، وەکو پۆل (سرية) ی (بەشیری کوڕی سەعدی ئەنصاری) بۆسەر هۆزی (بەنو موڕڕە) نزیك فەدەك (۷ ك.)، کە بە سی پیاوەوە هێرشی کردە سەریان ومەڕ و وشتریانی پێش خۆی دا، بەڵام دواتر ئەوان بەرگرییان کرد وهەمو سی پیاوەکەیان کوشت وتەنها بەشیر ڕزگاری بو. هەروەها پۆل (سرية) ی (غالیبی کوڕی عەبدوڵڵای لەیثی) بۆسەر (بەنو عوال) و (بەنو عەبدی کوڕی ئەعلەبە)، یاخود هۆزی (حورەقات) لەخێڵی جوهەینە، بە (۱۳۰) پیاوەوە، ئیتر هێرشیان بردە سەریان وگەلێکیان کوشتن و وشتر ومەڕێکی زۆریان پێش خۆیان دا، کە (ئوسامە) لەم هەڵمەتەدا پیاوێکی لەو خێڵە کوشت دوای ئەوەش کە شایەتمانی هێنا، وەکو ڕابورد. ئەم هەڵمەت وهێرشانەش هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ تاڵانکاری وداگیرکاریی خێڵە عەرەبەکانی پێش ئیسلامدا نەبو. دوای عەمرەیەك، هەندێك پۆل (سرية) ی تر نێردران، ئینجا جەنگی (موئتە) ڕوی دا (۸ ك.)، ئەوەش دوای ئەوەی پێغەمبەر (حاریثی کوڕی عومەیری ئەزدی) ی بەنامەیەکدا نارد بۆ لای فەرمانڕەوای (بوصرا)، بەڵام فەرمانڕەوای (بەلقا) گرتی وکوشتی. ئیتر بۆ تۆڵەی ئەمە پێغەمبەر سوپایەکی (۳) هەزار کەسیی خستە سەر ڕێ، بەسەرۆکایەتیی (زەیدی کوڕی حاریثە)، ڕۆمانیەکان بەسوپایەکی گەورە کە پشتیوانیی خێڵە عەرەبیەکانی ئەو ناوچەیەی هەبو ڕوبەڕویان بونەوە، کە دوای کوژرانی چەند سەرکردەیەك خالید توانیی سوپا ئیسلامیەکە دەرباز بکات وکۆتایی بەجەنگەکە بهێنێت وبگەڕێنەوە بۆ مەدینە، بەبێ ئەوەی بتوانن ئەو تۆڵەیەی کە ئامانجیان بو بهێننەدی. ئینجا غەزوەی (ذات السلاسل) یش دوای ئەوە ڕێك خرا، بۆ بڵاوەپێکردنی ئەو خێڵانەی دراوسێی ڕۆمانیەکان یان بۆ دەستەمۆکردنیان، کە لەکۆتاییدا بو بەجەنگ وخێڵەکان شکان. ئینجا دوای فەتحی مەککەیش پێغەمبەر هەندێك پۆل وهەڵمەتی تری ڕێك خست، کە لەمانە دواتر باسی هەڵمەتی خالید دەکەین بۆسەر (بەنو جوذەیمە). دوای فەتحی مەککەیش گەلێك لەخێڵەکان (هەوازین وثەقیف وگەلێکی تر) ویستیان ڕوبەڕوی هێزە ئیسلامیەکە ببنەوە، کە ئەمەش جەنگی (حونەین) ی لێ پەیدا بو (۸ ك.)، کە جەنگێکی قورس بو لەسەر موسوڵمانەکان، چونکە کەمینی تیرهاوێژیان بۆ دانرابو، ئیتر شکان بەڵام دواتر خۆیان کۆکردەوە وتوانییان سەر بکەون وڕاویان بنێن. جەنگەکە دەسکەوتی باشیشی هەبو: ٦ هەزار کەس کران بەکۆیلە، ۲٤ هەزار وشتر، زیاتر لە٤۰ هەزار مەڕ، ٤ هەزار هۆقە زیو. ئینجا ئابڵوقەی سوپای خێڵە شکاوەکانی دا کە لە (تائیف) خۆیان قایم کردبو، وئابڵوقە درێژەی کێشا، پێغەمبەر مەنجەنیقیشی بۆ بەزاندنی قەڵاکە بەکارهێنا، ورەزە مێوی زۆریشی بڕی وسوتاند. لەکۆتاییشدا پێغەمبەر ئابڵوقەکەی هەڵ گرت، وچو بۆ دابەشکردنی دەسکەوتەکان.

بۆ لاپەڕە (۱۵)




♦ دڵسۆز حەمە

## خیتابی میدیا لە نێوان هەڵوێستو هەواڵدا

لە کۆمەڵگەی دیموکرات وئازاددا ئەو ئامڕازەی ئاراستەی خیتابی کۆمەڵایەتی وخیتابی سیاسی دەسەڵاتیش دەکات ،ماس میدیایە ،ئەو ناوەندەی کۆمەڵگە و شێوازەجیاوازەکانی دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکەوە گرێدەدات و موخاتەبەی یەکدی دەکەن جگە لە ناوەندە ئیداری و تەکنیکیەکان دیسان میدیایە ،کە لەدواجاردا دەتوانین بڵێین میدیا لە کۆمەڵگەی دیموکراتدا ،ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئازادی تاکەکەس و ئازادی ڕادەربڕین وپایەکانی پێکەوەژیان و چەمکی هاوڵاتیبون بۆتە چەمکێکی یاسایی وفەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ،لەو کۆمەڵگەیانەدا میدیا گرنگترین ناوەندی فەرهەنگی وسیاسی وکۆمەڵایەتیە کە ڕای گشتی بەرهەم دێنێت ،لەوێدا دەسەڵات پانتاییەکی دیاریکراوی هەیە بۆ خۆنمایشکردن و قسەکردن ، هاوڵاتیان و دەزگاو دامەزراوە وهەر شێوازێکی دی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پرس وگرفت وبابەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەش پانتایی دیاریکراوی خۆی ،لە کۆمەڵگەی دیموکرات و ئازاددا ،هەمیشە دەسەڵات میوانی میدیاو بانگهێشتی میدیا وئامادەکراوی ناو میدیایە ، تەواو بە پێچەوانەی ئەو سیستەمەی کە کۆمەڵگەی نادیموکرات وتۆتالیتار وپاشکەوتو پەیڕەوی دەکات ،کە میدیا وئامرازەکانی ڕاستەوخۆ لەدەستی دەسەڵاتدان ،نەك خەڵك ئامادەییان نیە لەو میدیایانەدا بەڵکو بۆ خۆی میدیا دەبێتە ئامرازێك ناوەندێك بۆ سەرکوتکردن وچەواشەکردن وچەوساندنەوەی خەڵك وزەوتکردنی ئازادیەکانیان ،کە بەوحاڵە نەك ڕای گشتی بەرهەمنایەت کە یەکێکە لەپایە گرنگەکانی دیموکراسی وئازادی ،بەڵکو میدیای چەواشە خۆی دەبێتە ئامرازێك بۆ بەرهەمهێنانی چەوساندنەوەوهاوڵاتی پاسی وفەرهەنگی درۆکردن وناهۆشیاری ،وەختێك میدیا دەبێتە ئامرازێکی دیموکراسی ،ناوەندێکی فراوان وبەرجەستە وشەفاف بۆ بەیەکگەیاندنی دەسەڵات وخەڵکی ،ئەکات ،هەواڵی کۆبونەوەی ئەو مەکتەب سیاسی ،سەردانی ئەو لێپرسراوی گرنگ ،هاتنەوەی ئەم لێپرسراوی دی ،کۆبونەوەی ئەم مەڵبەند و،سەردانی ئەولق وکۆمیتانە ،نابێتە بابەتی هەواڵ وسەرنج ومانشێتی ڕۆژنامە وهەواڵەکان ،ئەو سەردان وکۆبونەوەو ڕۆتین ونمایشەی دەسەڵات وحیزب ، بە کاری ئاسایی وئەرکی ڕۆژانەی دەزگا وفەرمانبەری ئەو حیزب وگروپ ودامەزراوانە حیساب دەکرێت لە سەرۆکی دەوڵەتەوە تا ئەندامێکی خوارەوەی حیزب ،ئەو هەواڵ ومانشێت وڕوداوانە نە هۆشیاری بەرهەم دێنێت نە کۆمەڵگە دەخاتە گفتوگۆلەگەڵ دەزگاکانی خۆیدا ،نە پرۆسەی بەشداریکردن وتێوەگلان دروستدەکات ،ئەو بەشداری وتێوەگلان وگوێلێبونەی چەمکی هاوڵاتیبون وهەستی بایەخپێدان وگرنگیپێدان لای هاوڵاتی بەرهەمدێنێت کە لەدواجاردا ئەوەیان ئەرکی ڕاستەقینەی میدیایە ،کە لە کۆمەڵگەدا کار لەسەر دروستکردن وقوڵبونەوەی ئەو چەمکانە بکات ،هەڵوێستەکردن لەسەر پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە ،وەکو ئەوەی لەناو قوڵایی ژیانی خەڵکدا ئامادەیە ،نەك وەکو ئەوەی دەسەڵات دەخوازێت باسی بکات ،پرسە سیاسیەکان ،بێئومێدی وبەئومێدی وکاریگەری لەسەر ژیان وداهاتوی خەڵك و،توندوتیژی بەهەمو جۆر و ڕەهەندەکانی کە ئەمڕۆ بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو ،توندوتیژی لە هەمبەر ژن و منداڵ ،دیاردەی گەندەڵی و دەستپیسی و فەرهەنگی تاڵانکردن جەستەی ئابوری و ئەخلاقی کۆمەڵگەی دارزاندوە ، ئەم هەواڵانە ،هەواڵی کوشتنی منداڵێك بەدەستی باوکی دەبێت گرنگتر و پڕبایەختر تەماشابکرێت ،لەسەردانی سەرۆك بۆ لای سەرۆکی ئەمەریکا ،ئەوەی یەکەمیان ڕاوەستانە لەسەر شۆکێکی ئەخلاقی وئینسانی وڕوداوێکی نائاسایی کە دەبێت میدیا ڕۆڵێکی وەها بگێڕێت کە کۆمەڵگە ڕای خۆی هەبێت ،بیربکاتەوە ،ویژدانی کۆ بەدەنگ بێت ،بەخۆماندا بچینەوەو پرسیار بکەین بۆچی ئەو کارەساتە ڕویدا ؟ لەکاتێکدا هەواڵی دوەم لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ووەکو ڕوداوێکی پەیوەست بە ژیانی خەڵکەوە هیچ گرنگی نیە ،بەڵکو ئەرکێکی سیاسی ئاساییە کە لەهەر چرکەیەکدا بە هەزاران سەرۆك ولێپرسراوی گرنگ سەردانی یەکتر دەکەن وئەرکی خۆیان دەبینن وەکو گرنگترین فەرمانبەری دەوڵەت ،میدیای وڵاتی ئێمە لەناو لیتاوی حیزبدا چەقیوە ،بە ڕادەیەك بەبەراورد بە واقیعی کۆمەڵایەتی وئابوری وئینسانی وسیاسی کوردستان هیچ یەکێك لەو میدیایانە ،لەبەر حیجابی ئەستوری سیاسی وئایدۆلۆژی ئەوحیزب وهێزانەی میدیاکانیان قۆرغ کردوە ،ناتوانن میدیای ڕاستگۆو دیموکرات بن ،زۆرێك دیموکراتی وئازادی بەو چەند دێرانە تەفسیر دەکات کە نوسەرێك کەسێکی قسەکەر لە مینبەری هێزێکی سیاسیەوە بتوانێت بە ئازادی دژی ئەو هێزە هەندێك قسە بکات ،لە کاتێکدا میدیا وەختێك بەرجەستەی دیموکراسی وئازادی دەکات کە توانای بەرهەمهێنانی ڕای گشتی هەبێت ،ڕاستگۆ بێت لەدیارخستنی ڕاستیەکان وشەفاف بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان ،دەردی کوشندەی پەکخستنی میدیا ئەو ستایلە کۆن و کلاسیکەیە ،کە ڕژێمە تۆتالیتارەکان بەرهەمیانهێنا ،وئێستا لە میدیای کوردیدا بە زەقی ئامادەیە ،تەنانەت خیتابی ناسیۆنالیستی ونیشتمانی وکێشە گەورەکانی وەکو کەرکوك وئەو تەنگژە گەورانەی ڕوبەڕوی هەرێم دەبنەوە لە قۆناغی هەواڵ ونارەزاییدایە و نەبۆتە خیتابی میدیا ،ئیدی چۆن قسە لەسەر بیناکردنی خیتابی دیموکراتی بکەین ،کە کۆمەڵگە و گرفت وناکۆکی وژیانی مرۆ لەو کۆمەڵگەیەدا نەبۆتە ناوەندی سەرەکی وکایەی کارکردن و شۆڕبونەوەی میدیا ،لە کاتێکدا ژیانی کۆمەڵگە لەمساتەوەختەی تێیدا دەژی بە هەمو ئەو ناکۆکی و توندوتیژی و بێئومێدی و کارەساتە دڵتەزێنانەی ڕۆژانە ڕودەدەن لە قۆناغی هەواڵەوە نە چۆتە قۆناغی خیتاب و هەڵوێست ،دروستکردنی ڕای گشتی وقسەکردن لەسەر ئینسانی کورد ،ئەو ئینسانەی مێژویەکی درێژە لە دوکەڵی جەنگ و وێرانەکاریدا ڕوخسار ودونیای ناوەکی خۆی وونکردوە ،هەرگیز وەکو تاك گوێی لە ناوەوەی خۆی نەگرتوە بەدزیوی وجوانیەکانی ،بەدڕندەیی ومیەرەبانیەوە ،کە ڕەنگە ئەوەش یەکێك بێت لە پایەکانی بەرهەمهێنانی توندوتیژی ،ئەو گوێنەگرتن وپەراوێزخستنەی کە میدیاش ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە بەرجەستەکردنیدا ،گۆڕینی حیکایەت و گرفت و ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەیەکی نائارام وپڕ توندوتیژی وناکۆکی وەکو ئەوەی ئێمە لە هەواڵەوە بۆ خوێندنەوەیەك کە گرنگیپێدان و لەسەروەستان ڕەنگە لە دواجاردا ئەوانە هەڵوێستی دەستەجەمعی بەرهەمبێنێت ،کە ئەوە بۆخۆی ڕۆڵی میدیا بێت بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئاستی هۆشیاری نزمەو ئاقاری توندوتیژی ڕولەسەرەو چەندان تەوژمی جیاواز لەم قۆناغی گواستنەوەیەدا سەقامگیری کۆمەڵایەتی خستۆتەژێرپرسیارەوە ،ڕۆژانە لەپاڵ کێشە بەناوبانگەکانی نەبونی خزمەتگوزاری وگەندەڵی ،ڕوبەڕوی دەیان ڕوداوی دی دەبینەوە کە لەسەوەستان وپرسیاری جددی گەرەکە ،دەبێت فێربین میدیا پلاجکتۆرێکە بۆ گەڕان بەدوای قوژبنە تاریك وگەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وڕەوتی بەرەوپێشچونی دیموکراسی و ژیان لەوێدا دەرخستنی ژیان وپێکهاتەی ئینسانی ئێمە ،جوانی و ناشرینیەکانمان وەکو کۆمەڵگە ،نەك کامێرایەك بۆ فیلمگرتنی بێتام و سەدبارەبۆوەی کۆبونەوەی سەرکردەو لێپرسراوەکان!